# ئۆتوپیا یادەوەریی مرۆڤە لە گەڕان بەدوای ماڵدا *

**هەندرێن**
سوید-ستۆکهۆلم
2004-2001

**مێژوو ئەو ئۆتۆپیایەیە کە مرۆڤ** هەوڵدەدات لەوێوە یادەوەریی خۆی بەرجەستە بکاتەوە. بەمەش مرۆڤ دەخوازێت لەگەڵ کاتدا پەیوەندی بدۆزەتەوە. وەلێ ئەو پەیوەندییە لە واقیعدا نیە، یان نابینرێت. پێشهات و دەقە نووسروەوەکانی مێژوو، کە مێژوونووس دەیانڕازێنێتەوە، هەموویان لەو مەیل و خەونانەی مرۆڤەوە سەرچاوە هەڵدەگرن، کاتێ ئێمە ئەو دەقانەی مێژوو دەخوێنینەوە هەمیشە لە دەرەوەی ئەو پێشهاتانەی مێژووین و لە ڕێگای خەیاڵاندنەکانمانەوە ئاشنای ئەوانە دەبین. دواجار ئێمە هەر بەخۆمان ئەو پێشهات و خەیاڵاندنە لەگەڵ ئۆتۆپیایەکانمان بەراورد دەکەین و ڕاڤە و شیاندەکەینەوە، هەر لەوکاتەوە کە مرۆڤ بەرەو بوونەوەرێکی بەئاگا گەشەی کرد، دواجار لەسەر دارڕێژانی مێژووەکەی سوور بوو. ئامانجخوای سیاسی، ئەو ئاگاییەی بە مێژوو ئاسا ڕاڤە کرد. لە تەواوی ڕۆژگاردا مێژوونووسان بە گوێرەی هەڵومەرجی مرۆڤەکان و بە پێی ئەو سیاسەت و بارودۆخە و ئیدۆلۆگیە مێژوویان وێنا کردووە. بۆیە مێژوونووسان پێشهاتەکانیان بەجۆرێک شیکردۆتەوە کە لەگەڵ ڕوانگەی سیاسەتی دیاریکراودا گونجاو بێت.
لێرەوە هەوڵدەدەم ئەوە جەخت بکەمەوە، کە ئەو ئۆتۆپیە لە یەکەم جاری کۆچیکردنی مرۆڤدا لە دایکبووە کە گەڕانێک بووە بە دوای ماڵدا. ئەوەی کە گرینگ و کۆڵەگەیە بۆ مرۆڤ، دەکرێ بیبێتە ئەو شتەی کە بە مێژوو ناوی دەبەین ، بەڵام ئەمڕۆ ئەو پەرژوبڵاوی و هەراسانی و نائارامیەی کە ژیانی مرۆڤی تەنیوەتەوە، وایلێدەکات بۆ مێژوو بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی دڵنیاییەک لە جوانیە لە دەستدراوەکانی دەستەبەر یان زیندوو بکاتەوە، کە لە قۆناغە جوداوازەکاندا ڕوویانداوە. بۆ نموونە ئەمڕۆ سوێدییەکان، بەدوای سۆراغی دڵنیاییەک، ساڵانە بە گوڕ و جۆشەوە بە ئاهەنگ یادی سەردەمی ڤیکینگەکان Vikingatiden دەکەنەوە. کوردگەلێک سەرگەرم و سەرفرازە بەوەی کە ئیمپراتۆری "ماد" یێشکەی یەکەمی خەونی ئێستای دەوڵەتی کوردی بووە، بۆیە دەبێ زەردەشتایەتی بکەینە ئایینی خۆمان. هەروەک ئەمڕۆ عارەب بۆ زیندوو کردنەوەی سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام خۆتەقاندنەوە پەیڕەو دەکات. بەهەمەحاڵ، دیاردەگەلێکی فرە لە جەم نەتەوەکان سەبارەت بە کێشەی مێژوو و خەونەکان دەبینرێ، کە ئاماژە کردن بە هەموویان حەوجە نیە. ئەمانە هەمووی واتای بەدوا گەڕانی شوێنێک دەبەخشن کە دەبێتە ماڵێک بۆ سێبووری دڵ و ڕۆح. ئەمڕۆ لە ڕۆژگاری بەناو پۆستمۆدێرندا خاڵێکی هاوبەش لە نێوان تاکەکەس و کۆچەرییەکاندا، وێڕای جوداوازییەکان، هەیە، گەر لە ڕۆگاری کۆن و سەردەمی شەڕو شۆڕە گەورەکانی وەک شەڕی جیهانی یەکەم و دووەمدا کۆچ و سەرهەڵگرتن بۆ گۆشە جیاوازەکانی جیهاندا، هۆکاری ژان و نائارامی ماڵی ژیان بووبێ، کەچی ئەو کۆچ و سەرهەڵگرتنە بۆ مرۆی پۆستمۆدێرنیست، کێشەی نادیاری و هەودای تام و نۆشکردنی مەیلە سەگەردانەکانی ڕوحە.

مێژووناسان پێیان وایە کە گۆڕانکارییەکان لە ژیانی کۆچەرییەوە بۆ ماڵنیشین هێمایەکە لەو ژیانەی کە پێیدەبێژین لە دایکبوونی کۆمەڵگای ژیاریی Sivilisation. وەلێ ئەوانەی کە سەرتاپای ژیانییان لە دەرەوەی شار و دێهاتەکاندا بەسەربردووە هەرگیز گومانیان لە بوونی ژیاریی خۆیان نەبووە. بەڵام لێرەدا کێشەکە پەیوەندی بە ماڵەوە هەیە نەک ژیاریی. چونکە پەیوەندی مرۆڤ بە شوێنەوە دڵنیایی خەونەکانی مرۆڤ بەرجەستەدەکاتەوە، نەک چۆنیەتی شوێنیشین.
لە سەدەی ڕابردوودا جیهان گۆڕانی فرەی بەخۆیەوە بینیووە و دەبینێ. دەکرێ ئەو گۆڕانکاریانە بە زەمەنی کۆچڕەوەی خەڵک نادێر بکەین. ئەمڕۆکە مرۆڤگەل، بە زۆرەکی وەیان بە بە ئازادی، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، یان لە دێهاتەوە بۆ شار، وەک ئەوەی لە کوردستان لە ئارادایە، لە کۆچدایە. بەڵام کۆچی کورد هەمیشە هۆکاری ڕاوەدونانی سیاسی بووە، نەک بازاڕی ئابووری: لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەنفال و سیاستی سووتەمەرۆی خاک بەدەستی ڕژێمی سەددام، گەورەترین دیاردەی کۆچپێکردنی کورد بووە. بە دوای ئەمەشەوە، ئەگەر ئەنفالەکانی سەددام، بۆ قڕکردن و کۆنترۆڵ، کوردی ناچار کردبێ، لە دێهاتەکانەوە بۆ ناو شارەکان کەڵەکە بکا، کەچی شەڕی "براکوژی"، وەک هۆکارێکی خۆیەکی، بووە کارەساتاویترین دیاردەی کۆچ و سەرگەردانی مرۆی کورد بۆ دەرەوەی زێدو مەوتەنەکەی، کە لە مێژووی کورددا فرەترین دیاردەی کۆچڕەوی بوو. بەهەمەحاڵ، ئەم کۆچڕەوییە، بە شێوە جیهانییەکەی، قووڵترین بنەمای سەرگەمی و ئەزموونی ئەمڕۆیە، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ژیانی بە میلۆنەها مرۆڤە . لە پشتەوەی ئەم دیاردەی کۆچڕەوییەدا تەرزە لۆژیکێک یان ناچار کردنێک ئیشدەکا، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی بازاڕی سەرمایەداری جیهانییە. هەڵبەت ئەو گەمەی بازاڕی کارە، وەک دیاردەیەکی مێژوویی، شتێکی تازە نیە.

ئێمه دەزانین له سەرو بەندی سەدەی شازدەدا کڕین و فرۆشتنی نێونەتەوەیی که کەوتە گەڕ بەرئەنجامەکەی ژیانی مرۆڤگەلی هەراسان کرد. هاوکاتی پێشتریش، به هۆی جودا، گۆزە گۆزی خەلک له مێژووی زۆر گۆشەی جیهاندا روویداوه. هەروک له کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا وڵاتانی کۆلۆنیالیزم به زۆرەکی مرۆڤەکانی تووشی کۆچکردن کرد و چەندان سنووری تازەی بۆ وڵاتان قووتکردەوە و له نێوان خۆیان دابەشیان کردن. له هەمان کاتدا پڕیشکی شەڕیش زۆرینەی مرۆڤەکانی چزاند. کەچی کۆچڕەوی ئەمڕۆی مرۆڤ له جوگرافیایەکی پان و پۆڕدا دەجمجمێ. ئەمڕۆ به جیهانگیر بوون تەواوی جیهانی تەنیوەتەوە. بۆیه کۆچ وەک دیاردەیەکی جیهانی تەواوی گۆی زەوی پێکاوه. له هەموو گۆشەیەک مرۆ کۆچدەکا و به سۆراغکردن بەدوای ماڵێکی تازە سەرقاڵه. ئەو ماڵەی ئەمڕۆ که مرۆ بۆی دەگەڕێ، ماڵێکی کۆچەریه، وەک خودی خەونەکانی ئاگایی، که راڕا و وەرچەرخاوە و هاوکاتیش خەمینه.

چەمکی ماڵ "home" و "heim" به زمانی گێرمەنی و "komi" به گریکی کۆن مانای گوند دەگەیەنن، هاوکاتیش بۆ دوو وێنا کردنی جودا بەکار دەهێنران. یەکەمیان دڵنیایی و خاوەنداری وێنا دەکرد، که له وێدا ژنیشی بەخۆوە دەگرت، دووەمیشیان که بیرۆکەی زێد،پەیوەندی گرێدانی نەتەوەیی وێنادەکرد، که مرۆ خۆی بۆ به کوشت دەدا. وەلێ هاوکاتیش هیچێک لەو وێنا کردنانه ناتوانن واتای تەواوی ماڵ بەرجەسته بکەنەوه. ماڵ له رەچەڵەکدا، واتا ناخی جیهان. ماڵ ئەو شوێنەیه که مرۆ جیهان له دەوروبەری خۆی دەئافرێنێ و سەیریدەکا. جێگەی گوتنه ماڵ لای کوردی دێرین مانای رێزداری و سەلامەتی دەگەیەنێ، یان قسه نەستەقەکانی کورد سەبارەت به ماڵ تژین له هێمای گرینگیەتی ماڵ، وەک: "بەرد له جێگەی خۆی به سەنگه"، "ژن ماڵی دەربەدەریه" و چەندان وێناکردنی تر، که کورد له قسه نەستەق و هۆنراوەکانیدا لێی ئاخڤیوه.
بۆیه بۆ مرۆڤ بێ ماڵ له ناخی واقیعدا هەر تەنیا بێ لەمپەر و رووتەڵه نیه، بەڵکو له دەرەوی جیهاندا بێ پشت و پەنایەکیش دەمێنێتەوه. به واتایاکی تر مرۆڤ بوونی نیه.
کاتی خۆی ماڵ نێوەندی جیهان بوو، چونکه هێڵی جیهان و واقیعی پێکەوه شەقدەکرد. ئەو هێڵه شاقوولیەی که له نێوان ئاسمان و ژێر زەویدا، وای له مرۆڤ دەکرد که نزیک بێتەوه له خوایەکانی ئاسمان و مردووەکانی ژێر خاک. هێڵه ئاسۆییەکەش وەک بەلەدێک وابوو، رێنوێنی بۆ مرۆڤ دەکرد که بتوانێ بۆ شوێنەکانی تر بڕوات. هەر بۆیه ماڵ بۆ رێبواریی هەم سەرەتا و، هەمیش کۆتایی بوو. ئەوه ماڵه که ناسنامه و شوێن به مرۆڤ دەبەخشێت. لێرەوه ماڵ هەمیشه هاوواتای جیهانه.
کۆچکردن هەر تەنیا بەجێهێشتنی شتەکان له دوای خۆمان و ژیان بەسەر بردن نیه لەناو بێگانان. ماڵ جێهێشتن، رەنگه ناچاری وامان لێبکات له ژینایکی بێهوودەیی و سەرگەردان بژین، واتا تێکشکاندنی ئەو هەموو لەمپەرانەیه که جیهانیان بەمانا کردبوو. بەڵام کۆچ خۆی له خۆیدا وردوخاشکردنی ناخی جیهان و سەفەرێکه بەرەو حەسرەت و جیهانێکی سەرگەردان. بەمجۆره بۆ مرۆڤ، هیچ توانایەک له گۆڕێدا نیه بۆ بەدەستهێنانی ماڵێکی تازه. له وڵاتیکی بیانی بنمیچەکەی بان سەرمان و چوار دیوارەکەش، تەنیا ئەوەندەیه و بەس، هەرگیز واتای ئەو ماڵه نابەخشێ که مرۆ له دڵیدا هەڵیگرتووه. ئەو ماڵ و جیهانەی که مرۆ بۆ هەمیشه لەدەستی داوه.
ئەو بار و دۆخەش خۆی رەنگدانەوەی ئەو باره کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەیه که گەلێک له ئێمەی ناچار کردووه و دەکا له وڵاتانی تر سۆراغی ماڵه تاەزەکان بکەین. بەڵام لەو کۆمەڵگا تازانەدا کۆمەڵێ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیه که ئێمەی پەنابەر به ناچاری رووبەرووی دەبینەوه. ئەوانه مەرجگەلێکن دەبێ ملیان بۆ کەچبکەین، که هیچ پەیوەندییەکی به ناخمانەوه نیه. ئەو کۆمەڵگه تازەیه وەک هەر کۆمەڵگایەکی تر کۆمەڵێ ماف و ئەرکی هەیه که دەبێ ئێمه قبووڵیان بکەین. ئەمەش هێدی هێدی دەبێته زۆرەملێی، که ئێمه خۆمان هەڵمان نەبژاردووه. بۆیه لێرەوه ئەو مێژووه تازەیه نابێته ئەو ماڵه تازەیەی که ئێمه سەرمان بەدوایدا هەڵگرتووه. کەچی ماڵەکەی یەکەم به سروشتی هەڵمان بژارد بوو، که له رەچەڵەک و رەگمانەوه بەدەستمان هێنا بوو. ئەو ماڵه، ماڵێکی بینراو و دیار بوو. کەچی ئەویش به ناچاری لێی هەڵبڕاین.

---

* ئەم نووسینه له بنەڕەتدا وەک ئەرکێک له زانکۆدا سەبارەت به بیرۆکەی مێژوو پێشکەشم کردووه. لێره لەم نووسینەدا پوختەی بیرۆکەکەم دامڕشتۆتەوه.

هاوکاتیش دەبێ سوپاسی **جۆن بێرگەر** بکەم، که وتاره ناسکەکەی بەناوی "کۆچ"، که به گشتی باس له کێشەی کۆچ دەکا، بوو به بەهرەی بیریۆکەی ئەم نووسینه،.